# یـــاداشت نـــامه

## بۆ\ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا

## پاش سلاو...

ئێمە ئەمرۆ نوێنەرانی رێکخراوە کوردی و عیراقیەکان لەبەریتانیا کە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگهێشکراوین لەسەر پرۆژەی "گەرانەوەی ئارەزوومەندانە" ئەم یاداشت نامەیەمان هەیە بۆ ئێوە.

ئەگەر چی لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا هەمیشە وراشکاوانە رامانگەیاندوە کە پرۆژەیە ( گەرانەوەی ئارەزوومەندانە) لەئیستادا هیچ خزمەتێك ناکات بەکۆمەڵگای عیراق و کوردستان و جالیەی کوردی عیراقی لەبەریتانیا وە پێمان وایە هەنگاویك و شێوازێکی نۆ ی فشار خستنە بۆ سەر پەنابەرانی کورد بۆ رازی بوون بە گەرانەوە. دەلیل بۆ ئەم راستی یە ئەوەیە بەدوای هاتنە کایەوەی ئەم پرۆژەیە هۆم ئۆفیس دەستی کردوە بە رەفزی بەکۆمەڵ بە پەنابەرانی کورد ،بړینی سوسیال، لیسندنەوەی خانووبەرە ،گیرانەوەی ڤاوچەر وە تەنانەت گرتن و راونان و راپیچ کردنی پەنابەرانی کورد بۆ نیو گرتووخانە دەستبەسەرەکان. بەرێوەچوونی ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوەی دلەراوەکی یەکی گەورەی لەنیو پەنابەراندا پەرەپێداو و ترسی گەرانەوەی بەزۆر بۆتە تارمایەکی گوشندە بەسەر ژیانی پەنابەرانەوە بەدەیان پەنابەر شۆینی حەوانەوەی خۆیان جێهیشتووە وە تەنانەت لەترسی گرتن وگەرانەوە بەشێکی زۆر لە پەنابەران ئیمزای پۆلیس ناکەن .ماوەیەك لەمەو بەر ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کورد لەشاری هال کە لە گارگاکاندا کاری یاسایان دەکرد لەسەر کار دەرکراون ولەکاتێکدا بۆ سالآنێکی زۆر خەریکی کارکردن و زەحمەت دەکیشن و خزمەت دەکەن ژیانی خۆیان و خیزانەکانیان دامەزراندوە کەچی دەرکراون پیان دەڵین هۆم ئۆفیس ئاگاداری کردوین ئێوە نایاسایین نابێ کار بکەن.

لەمانەش زیاتر ئێوە بۆ جاری دووەم رۆژی 5-9-2006 لەژیر زەخت و بەکەلەپچەو لێدان و سوکایەتی 34 پەنابەری کورد بە تەیارەی سەربازی دیپۆرتی کوردستان کردوە جگە لەوەی تا ئیستا ژمارەیەك لە پەنابەری کورد لەگرتووخانە پەنابەریەکان راگیراون مافی دەست راگەیشتن بە پاریزەریش یان نی یە وە ئەمەش بۆتە هۆی بەرپا کردنی نارەزایەتیەکی گەورە بەرامبەر بەم سیاسەتە لەکوردستان و لەنیو جالیەی کوردی عیراقی تەواوەن نارازین .

ئەو پەنابەرانەی کە بەخواستی خۆیان پرۆژەی گەرانەوەی ئارەزومەندانەشیان قبول کردوەو گەراونەتەوە لە چەند نامەدا کە بەدەستی ئێمە گەیشتووە نارازین و ئەو راستیە ئاشکرا دەکەن کە هیچ پارەیەکیان پێنەدراوە وهیچ کۆمەکێك نەکراون بۆ دامەزراندنەوەی ژیان لەکوردستان. تەنانەت سەردانی رێکخراوی (IOM ) و بەرپرسیاران دەکەن هیچ وەلامێك نادرینەوە بەشێوەیەك هەموو ئەو پەنابەرانەی بەخواستی خۆشیان نیراونەتەوە هیچ لایەنێك بەرپرسیاریتی نیشان نادات لە ئاستی کیشەکانیان تەنانەت کەسانیك لەو پەنابەرانە جاریکیتر گەراونەتەوە بۆ بەریتانیا.

وە ئێمە وەك نۆینەرانی پەنابەرانی کوردو عیرقی لەژیر فشارێکی گەورەی پەنابەرانیین لەدەرەوە وە تەنانەت لەلایەن کەسوکاری ئەو پەنابەرانەوە ، لەکاتێدا کە هیچ بارێکی ئارامی و یاسای لەعیراقدا ناچیتە پێشەوەو شەری ناخۆ و تیرۆر کوشتن پێشیلکردنی مافەکانی ئینسان و جەنگ شیرازەی مەدەنی کۆمەڵگای عیراقی داروخانووە بەو هۆیەوە تائیستا رۆژانە بەهەزاران هەزار لەخەڵکی عیراق جیگاو حالی خۆیان جێدەهێڵن .

ئێمە داواکارین کە هۆم ئۆفیس جارێکی تر بەم پرۆژەیەدا بچیتەوە وە ئەم خواستانە خوارەوە جێ بەجێ بکات کە خواستی ئێمەو تەواوی پەنابەران و خەڵکی عیراق و کوردستانە.

1-راگرتنی دەست بەجێ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان

2-وەلأم دانەوەی فەوری بەو پەنابەرانەی کە تائێستا لەچاوەروانی ماونەتەوە داوای کردنەوەی کەیسەکانیان جارێکی تر بەشێوەیەکی یاسایی و لابردنی هەموو زەختو زۆرێك لەسەر پەنابەران.

3- گیرانەوەی تەواوی خزمەتگوزاریەکان بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی وە رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا بۆ کەیسەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی.

4-بەرەسمیت ناسینی لجنەیەك لەو پەنابەرانەی خۆیان بەخواستی خۆیان گەراونەتەوە بۆ کوردستان بۆ جێ بەجێکردنی ئەو بەلێنانەی پێیان دراوە.

**ئیمزا** :

1. **فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2. رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان
3. رێکخراوی خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان
4. رێکخراوی مینبەری کوردستان
5. رێکخراوی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە شاری مانچستەر
6. رێکخراوی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە نوتین هام
7. کۆنگرەی ئازادی عیراق\نۆینەرایەتی بەریتانیا
8. فیدراسیۆنی شوراو یەکیتی کریکاریەکانی عیراق\ تۆری نۆینەرایەتی بەریتانیا
9. ناوەندی برۆژەی هونەری کوردی
10. کۆمەڵەی کوردی لە ولفەرهامتن
11. کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد ی(کیرکلیس)
12. گۆڤاری خزمەتگوزاری (RELIEF)
13. کۆمەڵگەی هاوکاری بەریتانیاو کوردی سوریا
14. فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە لیستەر
15. دەزگای هاوکاری کورد-یۆرکشایەر-لیدز
16. دەزگای هاوکاری کورد-یورکشایەر-برادفۆرد
17. کۆمەڵەی کوردستان بۆ کورد.
18. سەنتەری کلتۆری کوردی
19. سەنتەری کلتۆری کوردی شەفیلْد
20. کۆمەڵەی کوردی -لیدز
21. کۆمەڵەی کوردی مانچستەر
22. دەزگای کۆمەڵەی عیراقی
23. یەکیتی نیشتمانی کوردستان
24. دەزگای یارمەتی مندالأنی کوردستان
25. یەکیتی ئافرەتانی کوردستان
26. سەنتەری چاودێری مافەکانی خەڵك لەکوردستان و عیراق
27. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق\رێکخراوی بەریتانیا

**بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم یاداشتنامەیە پەیوەندی بکەن بە دەشتی جەمال بەژمارەی**

(07856032991):ئیمیلی (d.jamal@ntlworld.com)

تیبینی:ئەم یاداشتانەمەیە لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیەوە ئامادەکرا و پێشنیار کرا بۆ رێکخراوەکان ولایەنەکان ئیمزایان لیداو وە لەکۆبوونەوەی هۆم ئۆفیس27-11-2006 لەگەڵ رێکخراوە کوردی و عیراقیەکان لە لەندەن لەگەڵ نۆینەرانی وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوەی بەریتانیا مناقەشەکرا خرانە ژێر گوشارەوە و و داواکارا بخریتە بەردەم وەزیری ناوخۆ.